## نامە بۆ هەردووک بەشی حیزبی دێمۆکرات

---

بەڕێز حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

**سەلامێکی برایانە،**

**ئێمە چەند کەس لە ئەندامانی حیزب هاوکات لە گەڵ ڕووداوی لێک** جیابوونەوەی دوو لایەنی نێو حیزب بەو ئاکامە گەیشتین کە بە شێوەی **سەربەخۆ بمێنینەوە و بۆ مەبەستی لێک نزیککردنەوە یان پێکهێنانەوەی** ئەم دوو لایەنە کار بکەین. بۆ ئەم مەبەستە کومیتەیەکمان پێکهێناوە. ئەم **کومیتەیە بە ناوی کومیتەی پێکهێنەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان** 17 ڕۆژ دوای لێکجیابوونەوەی دوو لایەنی نێو حیزب دەست بەکاربوونی **خۆی ڕاگەیاندووە. کومیتەکەمان بڕوای وایە لە پاشەڕۆژ دا هەر دوو** بەشەکەی حیزب پێك دێنەوە و وەك یەکەیەکی ڕێکخراوەیی درێژە بە **ژیان دەدەن. دەلیلی ئەو گەشبینییەمان بڕوا بە یەکبوونی ڕیشە و** بناغەی ئەو دوو لایەنەیە. ئێمە پێمانوایە مادام هەر دوو بەشی حیزبی **دێموکڕات وەفادار  بە پایە و بناغەکانی حیزبن ڕۆژێك لە ڕۆژان پێك** دێنەوە و چارەنووسی ئەو دوو هێزە لە نیهایەت دا یەکبوونە. لەو ڕووەوە **ئەساسی کار و فیکری خۆمان لە سەر بناغەکان و بایخەکانی حیزب لە** کاتی دامەزرانی دا دادەنێین و بەو ڕوانینەوەوە هەوڵی پێکهێنانەوە **دەدەین.**

**لەو بوارە دا پێویستیمان بە هاوفیکری و هاوکاریی هەر دوو بەشی حیزب** هەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین پێوەندیی خۆمان لە گەڵ هەر دوو لایەن ڕابگرین **بۆ ئەوەی لە ئەرکی پیرۆزی پێکهێنانەوە دا مەودای تێکۆشانمان هەبێ و** لە داهاتوویەکی دوور یا نزیك دا بتوانین ڕیزەکانی حیزب بە پتەوی **ببینینەوە. ئێمە کاری ئیسلاح و پێکهێنانەوەمان وەستۆ گرتووە نەك کاری** ڕێکخستن و هەوڵی زۆربوون، هەر بۆیە ژمارەی ئەندامەکانمان مەحدوودە. **ئێمە لە چوارچێوەی سانترالیسمی دێموکڕاتیک و لە پێوەندیی لە گەڵ** تەشکیلاتی حیزب دا وەک ئەندام نەماوین، بەڵام ئارەزووی هەبوونی **پێوەندییەکی نزیک لە گەڵ ئێوەی بەڕێز دەکەین. وەکوو کەسانیک کە** خۆمان بەردەوام بە حیزبی دەزانین خۆمان لە هیچکام لە دوو بەشی **حیزب بە جودا نازانین، بەو هیوایە کە ئێوەش ئێمە لە خۆتان بە جودا** نەزانن.

بە هیوای یەکبوون

**ئەندامانی کومیتەی پێکهێنەرەوە:**

**1ـ هیوا ئەحمەدی**

**2ـ ئیبراهیم خنووری**

**3ـ عبدالقادر خەندەڕەش**

4ـ عبدالواحید خەندەڕەش
**5ـ حوسێن فەللاحی**
6ـ سەلاحەددین وەهابپوور (سامڕەند)

**11 ی ڕەشەمەی 1358**
1 ی مارسی **2007**

**Fax: 001 509 753 1958**

pekhenerewe@gmail.com**Email:**

**http://pekhenerewe.googlepages.com**

-------------------------------------------------------------------------------------------

بەڕێز حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ ئێران

**سەلامێکی برایانە،**
**ئێمە چەند کەس لە ئەندامانی حیزب هاوکات لە گەڵ ڕووداوی لێک جیابوونەوەی دوو لایەنی نێو حیزب بەو ئاکامە گەیشتین کە بە شێوەی سەربەخۆ بمێنینەوە و بۆ مەبەستی لێک نزیککردنەوە یان پێکهێنانەوەی ئەم دوو لایەنە کار بکەین. بۆ ئەم مەبەستە کومیتەیەکمان پێکهێناوە. ئەم کومیتەیە بە ناوی کومیتەی پێکهێنەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان 17 ڕۆژ دوای لێکجیابوونەوەی دوو لایەنی نێو حیزب دەست بەکاربوونی خۆی ڕاگەیاندووە. کومیتەکەمان بڕوای وایە لە پاشەڕۆژ دا هەر دوو بەشەکەی حیزب پێك دێنەوە و وەك یەکەیەکی ڕێکخراوەیی درێژە بە ژیان دەدەن. دەلیلی ئەو گەشبینییەمان بڕوا بە یەکبوونی ڕیشە و بناغەی ئەو دوو لایەنەیە. ئێمە پێمانوایە مادام هەر دوو بەشی حیزبی دێموکرات وەفادار بە پایە و بناغەکانی حیزبن ڕۆژێك لە ڕۆژان پێك دێنەوە و چارەنووسی ئەو دوو هێزە لە نیهایەت دا یەکبوونە. لەو ڕووەوە ئەساسی کار و فیکری خۆمان لە سەر بناغەکان و بایخەکانی حیزب لە کاتی دامەزرانی دا دادەنێین و بەو ڕوانینەوەوە هەوڵی پێکهێنانەوە دەدەین.**

**لەو بوارە دا پێویستیمان بە هاوفیکری و هاوکاریی هەر دوو بەشی حیزب هەیە. ئێمە هەوڵ دەدەین پێوەندیی خۆمان لە گەڵ هەر دوو لایەن ڕابگرین بۆ ئەوەی لە ئەرکی پیرۆزی پێکهێنانەوە دا مەودای تێکۆشانمان هەبێ و لە داهاتوویەکی دوور یا نزیك دا بتوانین ڕیزەکانی حیزب بە پتەوی ببینینەوە. ئێمە کاری ئیسلاح و پێکهێنانەوەمان وەستۆ گرتووە نەك کاری ڕێکخستن و هەوڵی زۆربوون، هەر بۆیە ژمارەی ئەندامەکانمان مەحدوودە. ئێمە لە چوارچێوەی سانترالیسمی دێموکراتیک و**

له پێوەندیی له گەڵ تەشکیلاتی حیزب دا وەک ئەندام نەماوین، بەڵام ئارەزووی هەبوونی پێوەندییەکی نزیک له گەڵ ئێوەی بەڕێز دەکەین. وەکوو کەسانیک که خۆمان بەردەوام بە حیزبی دەزانین خۆمان له هیچکام له دوو بەشی حیزب بە جودا نازانین، بەو هیوایە که ئێوەش ئێمه له خۆتان بە جودا نەزانن.

به هیوای یەکبوون

ئەندامانی کومیتەی پێکهێنەرەوە:
1ـ هیوا ئەحمەدی
2 ـ ئیبراهیم خنووری
3 ـ عبدالقادر خەندەڕەش
4 ـ عبدالواحید خەندەڕەش
5 ـ حوسێن فەللاحی
6 ـ سەلاحەددین وەهابپوور (سامرەند)

11 ی ڕەشەمەی 1358
1 ی مارسی 2007

Fax: 001 509 753 1958

pekhenerewe@gmail.comEmail:

http://pekhenerewe.googlepages.com

All Rights Reserved. 2007

http://pekhenerewe.googlepages.com